گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕە وانبێژی وەک میکانزمێکی ئەرگۆمێنتی لە داڕشتنی هەواڵ دا

**بەهار زاير محمد – قوتابي دكتوراه**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Bahar.muhamad@su.edu.krd

**پ.د.عبدالواحد موشير دزەيى**
بەشی کورد، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، کوردستان
Abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٠/١٠/٢٥
**پەسەندکردن:** ٢٠٢٠/١٢/٣
**بڵاو کردنەوە:** زستانی ٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**

*Argumentation, rhetoric, rhetorical argumentation, Persuasion, formulation of news*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.5.4.03

## پوختە

سەرەتا ڕەوانبێژی بابەتێک نییە تەنها پەیوەست بێت بە فۆرم و ڕێکخستنی وشەوە, ئەو تەنها ئەرکی جوانکردن و ڕونبێژی پێ نەسپێردراوە, بەڵکو دەروازەیەکی گرنگی بابەتە مرۆڤایەتییەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەست, ڕەوانبێژی هونەری گەیشتنە بە وەرگر بە مەبەستی ڕازیکردنی, دەبێتەهۆی بەڵگە و پێشکەشکردنی ئەرگۆمێنت. خواستن و لێکچواندن و درکە و .... شێوەکانی تری ڕەوانبێژی, یەکێکە لە ڕێگاکانی بەڵگە هێنانەوەی ئەرگۆمێنتی, رستەی ڕەوانبێژیانە هێزی هەیە, پرسێک دەسەلمێنێت یان ڕەتی دەکاتەوە, بەڵگەهێنانەوە کردەیەکی عەقڵی ڕووت نییە, بەڵکو کردەیەکی گوتارییانەیە, بۆیە دەکرێت بەڵگەهێنانەوە لە ناو بازنەی لێکچواندن و خواستن دا بێت. میکانزمی ڕەوانبێژی ئەرگۆمێنتی لە داڕشتنی هەواڵدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، بە تایبەتی ئەو کەرەستانەی کە هەواڵەکە ئاڵۆز ناکەن بەڵکوو مەبەستیانە کاریگەری زیاتر دروست کەن، هەواڵ دەیەوێت ڕووداوەکان بگوازێتەوە و بۆ ئەوەی پەیامەکە بە باشترین شێوە بەجەماوەر بگەیەنێت, بەجۆرێک زەین و هەستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاراستە دەكات, كە ڕازی بكات و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕازی كردنە, لە واقع بگات و كاردانەویەک یان ڕەفتارێک ئەنجام بدات.

## 1. پێشەكی:

## ناونیشانی توێژینەوەكە:

(ڕە وانبێژی وەک میكانزمێكی ئەرگۆمێنتی لە داڕشتنی هەواڵ دا)

### سنووری توێژینەوەكە:

لێکۆڵینەوە لە دارشتنی ئەو هەواڵانە دەكات، كە لە ڕاگەیاندنی كوردیدا بەكار دەهێنرێت، تەنها لە سنووری هەواڵی (بینراو و ئەلیكترۆنی) دایە، بە دیالێكتی ستانداردی ناوەڕاست.

ئامانجی توێژینەوەكە:

دیاریكردنی ئەو هەواڵانەی كە لە داڕشتنەكانیان ڕەوانبێژییان وەک ئەرگۆمینتێک بەكار هێناوە، بۆ ئەوەی وەرگر ڕازی كەن بە ناوەڕۆكی هەواڵەكانیان.

### گرنگی توێژینەوەكە:

مێژووی ڕاگەیاندن دەریخستووە كە گوتارەكانی ڕاگەیاندن تەنها ئەركی گواستنەوەی هەواڵیان پێ نەسپیردراوە، بەڵكو بەردەوام پێویستیان بە شێواز و داڕشتنی نوێیە بۆ ئەوەی كاریگەری لەسەر وەرگر دروست كەن، ئەمەش دەكەوێتە سەر ئەو میكانزمانەی كە هەواڵ داڕێژەر پەنایان بۆ دەبات وا دەكات وەرگر ئاراستەی بیرۆكەیەک بكات وخۆی بە دەستەوە بدات.

### پرسیاری توێژینەوەكە:

لێکۆڵینەوەكە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە:

١-ڕەوانبێژی بۆ لە ناو هەواڵدا هەیە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢-دەکرێت وەک میکانزمێکی ئەرگۆمێنتی بەکار بێت و وا لە وەرگر بکات بە ناوەرۆکی هەواڵەکە ڕازی بێت؟

٣-ئایا کەرستەکانی ڕەوانبێژی لە هەواڵە کوردییەکاندا هەن؟ ئەگەر هەبن پلەی کاریگەری و ڕازی کردن زیاتر دەکەن؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە:

١-ڕەوانبێژی تەنها هۆکاری ڕازاندنەوە و جوانکردنی پێ نەسپێردراوە، بەڵکو دەکرێت وەک میکانزمیکی ئەرگۆمینتی بۆ رازی کردنی وەرگر سوودی لێ ببینرێت.

٢-بەو پێیەی ڕەوانبێژی میکانزمێکی ئەرگۆمێنتییە دەکرێت لە داڕشتنی هەواڵیشدا سوودی لی وەربگیرێت.

٣-کاتێک هەواڵ ڕەوانبێژی لە داڕشتنیدا بەکاردەهێنرێت، کاریگەری زیاتر دروست دەکات لەسەر وەرگر.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم، باسی ڕەوانبێژی دەکات کە چۆن پەیوەست کراوە بە زمانەوانییەوە، پاشان باسی پەیوەندی ڕەوانبێژی دەکات بە ئەرگۆمێنتەوە، کە چۆن بووە بە میکانزمیکی ئەرگۆمێنتی بۆ ڕازی کردنی وەرگر، بەشی دووەم کە بەشی پراکتیکییە، باسی ڕەوانبێژی لە ناو هەواڵەکاندا دەکات کە چۆن لە داڕشتنیان بەکارهێنراوە، پاشان کەرەستەکانی ڕەوانبێژی لەچەند هەواڵێک دیاری کراوە، کە وەک میکانزمێکی ئەرگۆمێنتی بۆ داڕشتنی هەواڵ سوودی لێ وەرگیراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم:
# ڕەوانبێژی و ئەرگۆمێنت

## تەوەری یەکەم:

نوێبوونەوەی ڕەوانبێژی و بوونی لە ناو توێژینەوە زمانەوانییەکاندا

بۆ ماوەیەکی زۆر ڕەوانبێژی (Rhetoric) لە چوارچێوەی شێوازی جوانکاری شیعریدا مابووەوە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا، بۆ بنچینەکەی خۆی گەڕێندرایەوە، کە ڕەوانبێژی ئەرگۆمێنتییە، تەنها مەبەستی ستاتیکی و ڕازانەوە نابەخشێت، بەڵکو مەبەستی ڕازی کردن و کاریگەریی لە ئەستۆدایە.

ڕەوانبێژی مێژوویەکی درێژی لەگەڵ مرۆڤایەتی هەیە, سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەش و هەوا سیاسی و گوتارە جەماوەرییەی کە لای یۆنانییەکان هەبوو, بەم پێیە ڕەوانبێژی سەرەتا لە هونەری وتاربێژییەوە دەستی پێ کرد, دواتر بوو بە هونەری نوسین, و ڕونبێژی و ....هتد ( دزەیی، عبدالواحدمشیر:2015: 17)

لەم سەردەمەدا ڕەوانبێژی پەرەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی, تا ماوەیەک پێش ئێستا ڕەوانبێژی وەک زانستێکی کۆن تەماشا دەکرا کە پەیوەستە بە دەقە ئەدەبییەکانەوە, ئەم بەرتەسک کردنەوەی لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژییەکان زیانی پێی گەیاند تەنانەت لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیش کۆتکرابوو بە چەند بابەتێکی دیاری کراوەوە, بەڵام لە دوایدا دەرکەوت کە ڕەوانبێژی ئامادەیی هەیە لە هەموو گوتنێکدا, نوسراو, بینراو, گوێ لێ گیراو, بۆیە پێویستی بە پێدا چوونەوە هەبوو لە هەموو ئاستەکاندا, تەنانەت هەندێ کەس پێیان وا بوو کە مرۆڤ ((بونەوەرێکی ڕەوان بێژە)) ( بارت، رولان:1994: 6) بەو پێیەی کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی زۆر قوڵی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

ئەم ڕەوانبێژییەی کە ئێستا لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت, ڕەوانبێژییەکە تایبەتمەندی ڕازیکردنی هەیە, ئامانج لەم ڕەوانبێژیە پێدانی کۆمەڵێ کەرەستەیە بە نووسەر و داهێنەر تا بەرهەمە

هونەرییەکانی بە ڕوونی و ڕەوانی دەردەبڕێت و بە جوانترین شێوە بەرهەمەکنی بۆ خوێنەر بڕازێنێتەوە. (دزەیی، عەبدالواحد: مشیر:17)

سەرەتا لەناو زانستی شێوازدا لێی دەڕوانرا, بۆ ئەوەی شیعر و پەخشان بەشێوەیەکی جوان و ستاتیکی دابڕێژرێت, بەڵام دوایی کەوتە نێو پراگماتیکەوە و بەتایبەتیش (تیۆری ئەرگۆمێنتی زمانی , کە زۆر لایەنی قوڵی ڕوانبێژی دیاری کرد بە شێوەیەک, هەندێک کەس وا لێیان دەڕوانی کە ((قوڵبوونەوەیە لە زمان و بیر, یان زمانەوانی زەینییە, پەیوەستە بە گشتی زمانەوە لە هەمان کاتدا زمانی گشتە)). (بارت ،رولان:1994: 6) ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین شێوەیەکە لە نوێبوونەوە و کرانەوەی بە ڕووی بوارەکانی تردا, توێژەرە نوێکان بروایان وا بوو پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ڕەوانبێژی بکرێت, بەو پێیەی زۆر دەوڵەمەندە, پێویستە تێهەڵکێش بکرێت بە ڕێبازێکی زمانەوانی وا کە پەرە بە توێژینەوەکانی بدات و لایەنە شاراوەکانی دەربخات, باشترین شێوەش گەڕاندنەوەیەتی بۆ زمان و دابڕانیەتی لە بازنە مێژووییەکەی و بەستنەوەیەتی بە ڕێبازە بونیاد گەرییەکان و پۆست بونیاد گەرییەکان, پەیوەست بکرێت بە بواری فەلسەفەی زمانی بەتایبەتی پەیوەندی کاری و شیکاری. (طلبة, محمد, ضمن الكتاب الحجاج مفهومه ومجالاته: 2010 : 490)

کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەرکەوت هەوڵیاندا وێنە ڕەوانبێژییەکان لە ژێر ڕۆشنایی پێوەری ڕێبازێکی نوێ پۆلێن بکەن, بۆ نموونە پۆلێن کردن بە پێی (دەنگ و برگە) یان نووسین یان (مۆرفیم و پێشگر و پاشگر) یان سروشتی وشە یان) پێکهاتەی ڕستە ( (syntaxو هەندێکی تر بە پێی سروشتی واتاو دەوروبەر و پراگماتیک پۆلێن کران, هەندێکی تریش بە پێی تەوەرەکان پۆلێن کران بۆ نموونە هەندێ لە وێنەکان بە پێی تەوەری ستوونی گۆڕینەوە پۆلێنکراون. (دزەیی، عبدالواحد مشیر :2015 :19)

ئیڤانا نکوس هۆکاری زیندووبوونەوەو گرنگی لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژییەکان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووبۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێنێتەوە. (ایفانکوس ،خوسی ماریا اوفیلو : 1992: 176-177)

ا-لەبەر ئەوەی ڕەوانبێژی لە خودی خۆیدا کە تێکەڵەیەکە لە نێوان زانستی جەدەل و ئەخلاق و شیعر و... هتد , هەندێک کەس پێیان وابوو دەبێت بەخێرایی بهێنرێتەوە بۆ نێو بوارەکانی تری ژیان و ببەسترێتەوە بەزمان و گوتارەوە.

ب-پەرەسەندنی زمانەوانی و گرنگی دان بە قسەکردن لە لێکۆڵینەوەکاندا, دەرخستنی گرنگی پەیوەندی نێوان وەرگر و نێرەر لە بواری پراگماتیکدا.

ت-سەرکەوتنی لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژییەکان ئەمڕۆ بۆ سروشتی کۆمەڵگای ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە لەبەر ئەو دەسەڵاتەی کە ڕاگەیاندن سەپاندوویەتی و زمان تایبەتمەندییەکانی داگیر کردووە.

بە هەمان شێوە ڕۆمان یاکۆپسن ئاماژەی بە ئەرکی شیعری داوە لە ئەرکە کانی زمان بەوەی زمان یەکێک لە ئەرکەکانی ئەرکی شیعرییە کە پەیوەستە بە لایەنی جوانی پەیامەوە, دەیەوێت جیاوازیەک بخاتە نێو زمانی ئەبستراکتەوە, لەبەر ئەوەی زمان ناتوانێت خۆی داماڵێ لەم شێوە جوانانە جا چ ئاستی وشەسازی یان رستەسازی بێت. (یاکوبسن، رومان:,1988 :33)

بەم جۆرە ڕەوانبێژی لە قسەکردنی ڕۆژانە بوونی هەیە, تەنانەت وەک ئەرکێکی زمانی دیاری کراوە ,کە جوانی بە زمان دەبەخشێت. لە هەمان کاتدا بوونی ئەم جۆرە ئەرکە هۆکارە بۆ ئەوەی ئەرگۆمێنتەکانی نێرەر بە هێزتر بن و پەیامەکەی بە باشترین شێوە بگات بە وەرگر, بۆ پێکانی ئامانجی ڕازی کردن.

ڕەوانبێژی چارەسەری پلەو هێزی کاریگەری دەکات لە کەسی بەرامبەر بۆ ڕازیکردنی, لە گەڵ خستنە ڕووی مەبەستی نێرەر کە دەیەوێت پێی بگات ئەمەش گرنگترین تەوەری پراگماتیکە, چونکە لێکۆڵینەوە لە ئاوێتە بوونی نێوان قسەکەر و گوێگر دەکات, لەگەڵ ئەو کاریگەرییەی, کە دروستی دەکات لەسەر وەرگر, ئەمەش دەبێتە خاڵێکی ناوکۆ لە نێوان گەیاندن و ڕەوانبێژی و پراگماتیک. (دزەیی ،عبدالواحد مشیر :2015: 22)

هێنریش بلیت دەڵێت: ((ڕەوانبێژی بۆتە زانست و پێویستمان بە تیۆرێکە بۆ بنەماکانی و ئەو تەنها پەیوەست نییە بە ڕەهەندە ستاتیکییەکانەوە بەڵکو, بۆتە زانستێکی گشتی بۆ کۆمەڵگا)). (هینریش بلیت :1990: 22)

بە تایبەتی لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو تەکنەلۆژیاوە, لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی زانست بە خۆیەوە بینیوە سەردەمێک زانست حەتمی بوو ئێستا ڕێژەییە, لەگەڵ ئەو گۆڕاناکارییانەی کە سیستمی سەرمایەداری دروستی کرد ((بەکاربردن)) خۆشگوزەرانی, ڕەوانبێژیی یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی کردەی کڕین و فرۆشتن باشتر بێت. (صمود، حمادی 1999, 133 135) هەموو ئەمانە بونە هۆکار بۆ گەڕانەوەی ئەرکی ڕازیکردن و کاریگەری دروست کردن, ئەوکات گوتار پێویستی بە میکانزمێکە بۆ دروستکردنی ئەم بارە, هەندێ جار پشت بەدروستکردنی وێنەی ڕەوانبێژی هەیە و هەندێ جار پێویستی بە توانای زمانی دەبێت بۆ ئەوەی ڕازی کردن ڕوو بدات, ئەوکاتە ڕەوانبێژی تەنها بۆ ئەوە نییە کردەیەک یان کاردانەوەیەک لای وەرگر دروست کات بەڵکو دەبێتە هۆکاری حوکمن کەری هەستەکانی و بەوئاڕاستەی دەبات کە نێرەر مەبەستییەتی.

بۆیە لە هەموو بوارەکانی وەک ڕاگەیاندن و سیاسەت و ئاین و.... هتد بوونی هەیە, لەبەر ئەوەی چەمکی ڕازیکردن پێویستەیکی بەردەوامی کردە کانی مرۆڤە, کۆمەڵگا لەم سەردەمەدا بۆتە کۆمەڵگایەک وێنەکان حوکمی دەکەن, بۆیە پێویستمان بە تیۆرێکە شێوە وشێوازی ئەم بەشە زانستییە دیاری بکات, بە پێی سیاق و سروشتی گوتنەکان.

## تەوەری دووەم:

## ئەرگۆمێنت و ڕەوانبێژی

### ئەرگۆمێنت:

چەمکی Argument لە چاوگی لاتینی Arguer وەر گیراوە, واتا شتێک ڕوون و درەوشاوە و بەرچاوە بێت, ئەویش ڕەگێکی یۆنانی کۆنی هەی Argues بە واتای سپییەکی ڕوون هاتووە , Longman . Dictionary of contemporary English (argue) part

لە زمانی ئینگلیزییدا Argue بە واتای ئەوە دێت کە کەسێک بیەوێ بەرامبەرەکەی بە بیرو ڕاو بۆچوونەکانی ڕازی بکات, لە ڕێگای پێشکەش کردنی ئەو بەڵگانەی کە پێی وایە پشتی بیرۆکە و ڕاو هوڵسوکەوتەکانی دەگرێت. ( علوي ،حافظ اسماعيل:2010 :2)

لە فەرهەنگی(لەپێتیت رۆبێرت) بە واتای (کۆمەڵە بەڵگەیەک هاتووە کە مەبەستی بەدەست هاتنی ئەنجامێکی دیاری کراوە) واتا ئەرگۆمێنت و بەڵگەکان بۆ دەست خستنی ئەنجامێکی دیاری کراو دەخرێنە ڕوو, (Le grand robert ,dictionnaire langue, 1989,535,

لە فەرهەنگی (کامبرج) بە واتای (بەڵگە هێنانەوەو پاساو هێنانەوە بۆ پشت ڕاست کردنەوە یان دژایەتی کردنی بیرۆکەیەکی دیاری کراو) هاتووە , Cambridge advanced learners dictionary) 2004 P56

ئیبن مەنزوور لە فەرهەنگی (لسان العرب) ئاماژەی بە (الحجاج) کردووە بەوەی (ئەرگۆمێنت سەلماندنە , بەرامبەرەکەتی پێ ڕازی دەکەیت, یان دەوترێت بە هۆی ئەرگۆمێنتەکانتەوە بەسەریدا زاڵ بووی, کە خۆی هۆکار و سەلماندنە )(ابن منظور2:1997:28، مادة الحجج)

بە گوێرەی چەمکەکان دەر دەکەوێت کە ئەرگۆمێنت ئەو میکانزمەی درکاندنە, کە نێرەر دەیگرێتە بەر بەمەبەستی ڕازی کردن و کاریگەری دروست کردن لەسەر وەرگر, بۆ ئەوەی پرسێکیان پێ بگات ،بۆ گۆڕینی ڕایان یان هاوڕابوونیان لەگەڵ بیرۆکە و بۆچوونێک, یان بەشێوەیەکی سادە ڕێگاکانی بیرکردنەوەیان ئاڕاستە دەکات، پلەی کاریگەرییاکان بە پێی ئەو میکانزم و تەکنیکانە دەگۆڕێت کە نێرەر پەنایان بۆ دەبات.

تەنانەت هەندێ بۆچوون هەیە پێیوایە کە هەموو قسەکردنێک ئەرگۆمێنتییە, لەبەر ئەوەی هەموو درکاندنێک مەبەستێتی کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دروست بکات, یان شێوەی بیرکردنەوەی بگۆڕێت  هەموو گوتنێک بەشێوەیەک لە شێوەکان وا دەکات بۆچونێک یان کردەیەک یان دیدێک بخولقێنێت. (مشبال ،محمد:2016: 59)

بۆ نموونە مایەر لە کتێبی (لۆژیک و زمان و ئەرگۆمێنت) دەڵێت: ((هەوڵێکی ڕازیکەرانەیە ڕەهەندێکی جەوهەریی هەیە لە زماندا، لەبەر ئەوەی هەموو گوتارێک هەوڵی ئەوە دەدات کە وەرگرەکەی ڕازای بکات و کاریگەری لەسەری دروست بکات)) (ماير ،ميشيل: 2010: 370)

لە لایەکی ترەوە، وەک بەشیک لە واتاسازی و بەکارهێنانی زمان خرایەڕوو، بەڵام بە شێوەیەک کە باسی ئەرگۆمێنت دەکرێت لەم سۆنگەیەوە، پەیوەندی نێوان سیمانتیک و پراگماتیک پتەو تر دەبیت و هیچ جیاوازیەک لە نێوانیان نامێنێت.

لەبەر ئەوەی زمان لە خودی خۆیدا وەرگێڕانی واقعە لە سیاقی جوڵەیەکی ئەرگۆمێنتیدا، بە شێوەیەک هەموو بەکارهینانەکانی زمان ئەرگۆمینتین بە چاوپۆشی لە دەورو بەر و بەکارهێنراو، لەبەر ئەوەی ئەرگۆمینت بە بونیادی ژێرەوەی زمانەوە بەستراوە.( راضي رشيد:2011: 195)

لەم ڕووەوە ( دیکرۆ و ئەنسکۆمبەر) لە کتێبی (ئەرگومێنت لە نێو زماندا) پێیانوایە: (ئەرگۆمێنت لە بونیادی زمان و دەووروبەردا بە دی دەکرێت)( عزاوي ،ابوبكر: 2006: 58) هەندێ جاریش بەستراوەتەوە بە پراگماتیک و دەورووبەرەوە، بە شیوەیەک لە چوارچێوەی مەبەست و گوتاردا خۆی دەنوێنێت.

کاتێک ڕەوانبێژی بە هێزەوە هاتەوە نێو لێکۆڵینەوە زمانی و نازمانییەکان، ئەرگومێنت بە بەشێکی سەرەکی بابەتەکە دانرا و ڕەوانبێژی بۆ ئەوپەڕی فراوان کرا ، هەموو بوارەکانی مرۆڤایەتی پیوە بەسترا، ئەمە ئەو نموونەیە کە بانگەواز کەرانی ناویان لێنا، ڕەوانبێژی نوێ.  پیرلمان و تیتیکا لە کتێبی (ڕەوانبیژی و ئەرگۆمێنت) باسی ئەرکی ڕەوانبێژی و ئەرگۆمێنت دەکەن بەوەی: ((ئەو میکانزمەی

گوتارن کە وا لە وەرگر دەکەن زیاتر بڕوات پێ بکات، یان پلەی ئەو بڕوا کردنە زیاتر بکات)) (Perlman and tetyca, 2008,9-10)

ئەم ئەرکەش دابەش دەکەن بۆ سێ بەش(Perlman and tetyca, 2008,26) :

١-ڕازی کردنێکی عەقڵی.

٢-پەیامێک بە وەرگر بگات بە باشی.

٣ -کردەیەک ئەنجام بدرێت.

گوتارێک دەیەوێت بارێک یان هەڵوێستێک بچەسپێنیت لە ڕێگەی ئەم میکانزمانەوە، کاریگەری دروست دەکات ،و ئامانجەکانی دەپێکێت.

بە پێی ئەم بۆچوونە فراوانە بێت, ئەرگۆمێنت تەنها لە گوتاری ڕازی کردن ناوەستێت , بەڵکو چەمکەکە دەچێتە قوڵایی پەیوەندییەکانی مرۆڤەوە و زۆربەی گوتارەکان دەپێکێت و هیچ گوتارێکمان نییە بێ ئەرگۆمێنت بێت.

دەکرێت خۆمان بە چەمکە کۆنەکەی ئەرگۆمێنتەوە نەبەستینەوە کە تەنها مەبەستی ڕازی کردنێکی ڕاستەوخۆ بێت, بەڵکو میکانزمەکانی ئەرگۆمێنت زۆر فراوانترن و دەچنە بازنەی ستراتیژییەتی گوتارەکانەوەو بەشێکی گرنگی ناوەڕۆک و پێکهاتەکانیان پێک دەهێنن.

ئەرستۆ لە کتێبی (ئەرگەنون) جیاوازی لە نێوان (ریتۆریکا) و (بیۆتیکا) کرد بۆ هەردوکیان لێکۆڵینەوەیەکی جیاوازی کردووە, ئەرستۆ بە مەبەست شیعر و ڕەوانبێژی لەیەک جیا کردەوە پێیوابوو, ئەوەی یەکەم وێنە شیعرییەکان دروستدەکات و ئەوەی دووەم مەبەستی ڕازیکردن دەپێکێت و پەیوەستە بە قسەکردنی ڕۆژانەوە, ئەو ڕەخنەیەکی توندی لە گۆرگیاس گرتووە بەوەی ڕەوانبێژی لە شیعر نزیک کردۆتەوە,ئەرستۆ بۆی گرنگە پێکهاتەکانی وتار دیاری بکرێت و بە ئەرگۆمێنتەوە ببەسترێت, بەم شێوەیە ئەرستۆ یەکەم کەس بوو کە شێوە پرگماتیکییەکەی ڕەوانبێژی دیاری کرد. (بارت، رولان :6:1994)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە ڕەوانبێژی حوکمی توانا زمانییەکان دەکات بۆ ئەوەی کردەی گەیاندن ڕوو بدات و بەرامبەر ڕازی بکرێت بە بۆچوونەکان, هەڵسوکەوتەکان, پەیامەکان... لە هەموو بارەکاندا دەچێـە نێو بازنەی ڕاکانەوە, لێرەدا ئێمە ئەرگۆمێنت ناهێنینەوە بۆ ڕاستییە زانستییەکان کە دەکرێت بسەلمێنرێن, بەڵام دەکرێت ببێتە جێگرەوەی ئەم بابەتە لە پرسە مرۆییەکاندا, لەبەر ئەوەی ناکرێت ئێمە لە بابەتە مرۆییەکاندا سەلماندنی تەواو دەست خەین بۆ بەرامبەرەکەمان و ڕازی بکەین بە بێ مەرج, لە هەمان کاتدا زانست نەیتوانیوە لە زۆر بواری مرۆییدا کێشەکان چارەسەر بکات, بۆیە پەنا بۆ رەوانبێژی دەبرێت, بەو پێیەی میکانزمێکی مرۆییە دەتوانیت بە باشترین شێوە پەیامەکە بە وەرگر بگەیەنێت. (بريتون ،فليب :2013: 10)

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە, ڕەوانبێژی لەوە دەرچوو کە ماددەیەکی وانەوتنەوە بێت لە قوتابخانەو زانکۆکان بخوێندرێت, لە ساڵ ١٩٠٢ ناوی (وانەی رەوانبێژی گۆڕا بۆ (وانەی مێژووی ئەدەب) و پەیوەست کرا بە دارشتن و شێوەکانیەوە, پاشان وەک مادەیەکی ئەرگۆمێنتی دەخوێندرا کە نەک تەنها لە بابەتە ئەدەبییەکان گرنگ بێت بەڵکو لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیش گرنگی خۆی هەبوو. (هەمان سەرچاوە: 20)

لە پێش سەدەی نۆزدە ڕەوانبێژی لە بارێکی باشدا نەبوو, لەبەر ئەوەی پێش ئەوکاتە زمان خۆی تەنها ئامرازی دەربڕینی بیر بوو, لە سەدەی شانزەدا ئەم بابەتە بەسەر سێ چیندا دابەش ببوو (دەرخستنی کەسی(پرۆتستانیزم) دەرخستنی عەقڵانی (عەقڵانیەتی وێنەیی) دەرخستنی هەست پێکراو (پۆزەتیفیزم) (بارت ،رولان : 1998: 192) کە ڕەوانبێژی وەک ئامرازێکی ڕازاندنەوە دانا بوو نەکرابوو بە ئامرازی بەڵگە هێنانەوەو ڕازی کردن.

ڕەتکردنەوە ڕەوانبێژی لە لایەن عەقڵانییەتەوە, دووری خستەوە لە بوونی لە نێو بیری نوێدا, لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە گرنگی بە ڕوونی زمان دەدرا بە هۆی کاریگەر بوونی بە تەوژمی زانستەوە. (بريتون ،فليپ, 2013 , 21)

تاکو شەستەکانی سەدەی ڕابردوو, یاساناس و فەیلەسوفی فەرەنسی (شایم پیرلمان) هات و کاری لەسەر ڕەوانبێژی و بەکار هێنانەکانی کرد (ڕەوانبێژی نوێ) ڕێگای خۆی دۆزیەوە, بە دیاری کراوی لە کتێبی (کورت کراوەی ڕەوابێژی) کە لە گەڵ هاوڕێکەی (ئۆلبرشت تیتکا) دەریانهێنا, کە بە جوڵانەوەیکی نوێی ڕەوانبێژی دادەنرێت, پیرلمان ئەوەی خستە ڕوو کە دەکرێت ڕەوانبێژی ڕازی کەرانە بێت بێ ئەوەی بخرێتە ژێر پێوەری ماتماتیکیەوە, دەکرێت بەهێز بێت و لە هەمان کاتیشدا زانستی نەبێت. (بریتون ،فلیپ:2013 22)

پیرلمان بیرۆکەکەی دەرباری ڕەوانبێژی کورت دەکاتەوە پێیوایە سەلماندنێکی لۆژیکی و فەلسەفی و عەقڵانییە بۆ جیا کردنەوەی بیرۆکە بە نرخ و بێ نرخەکان, دواتر جیاکردنەوەی ئەرگۆمێنتە ڕاست و چەوتەکان, گرنگی تیۆری ئەرگۆمێنتی لەوە دایە کە پەیوەندی نێوان ڕەوانبێژی و وتاربێژی دەردەخات, جا تاک بێت یان کۆ, ئامانجیش لەئەمە دۆزینەوەی درۆ و هەڵخەڵاتاندن و وەهم و گریمانەیە بۆ بەرگریکردن لە ڕاستی, لە لایەکی ترەوە پیرلمان پێی وایە زۆر گرنگ نییە قسەکەر گوێگر بخاتە ژێر ڕکێفی ویست و ئارەزوو و بۆچوونی خۆی و وای لێ بکات باوەڕ بە بیرۆکەکەی بکات , گرنگ ئەوەیە وای لێ بکات هەست بە خۆی بکات, کە مرۆڤێکی ئازادە و ئەقڵ و ئەرگۆمێنت بەکار دەهێنێت, بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بیرۆکانەی کە پێشکەشی دەکرێن هەتا ئەگەر پێچەوانەی بیرۆکەکەی قسەکەریش بێت, واتا پیرلمان باوەڕی بە ڕازیکردن و ئەرگۆمێنت هەبووە, پێی وایە نابێت ڕازیکردن و کاریگەری بە زۆرلێکردن بێت, چونکە وەرگر ئازادە بە ڕازیبوون یان ڕازی نەبوون, کەواتە خاڵی گرنگی جیاوازی ڕەوانبێژی پیرلمان و لەگەڵ ڕەوانبێژی کلاسیکی ئەوەیە کە ڕەوانبێژی کلاسیکی ڕەوانبێژییەکی پێوانەییە فێرکاری و لۆژیکییە و هەوڵ دەدا وەرگر بە بیرۆکەی قسەکەر ڕازی بێت و بە خۆشی یان ناخۆشی, بەڵام پیرلمان ئەم زۆرلێکردنە ڕەت دەکاتەوە پێی وایە ڕەوانبێژی نوێ ئامانجی ڕازیکردنی خەڵکە لە ڕێگای ڕاستی بیرۆکە و ئەرگۆمێنتەکانی یان ناڕازیبوونییەتی کاتێک کە لە گەڵ بۆچوون و ویست و ئارەزوو و فەلسەفەکە ناگونجێت. (دزەیی، عبدالواحد مشیر : 2015: 47)

لەسەر ئەم بنەمایە ڕێزگرتنی ڕای بەرامبەر گرنگی بۆ دەگەڕێتەوە, لەبەر ئەوەی زۆربەی جار ئێمە ئەرگۆمێنت بۆ سەلماندنی ڕاکان دەهێنینەوە نەک بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان, لەبەر ئەوەی ئەمە بۆ زانستەکانی تر بەجێهێڵراوە و بە باشترین شێوە دەیسەلمێنن.

بە واتایەکی تر خواستن و لێکچواندن و درکە و .... شێوەکانی تری ڕەوانبێژی, یەکێکە لە ڕێگاکانی بەڵگە هێنانەوەی ئەرگۆمێنتی, ڕەستەی ڕەوانبێژیانە هێزی هەیە, پرسێک دەسەلمێنێت یان ڕەتی دەکاتەوە, بەڵگە هێنانەوە کردەیەکی عەقڵی ڕووت نییە, بەڵکو کردەیەکی گوتارییانەیە, بۆیە بەڵگە هێنانەوە دەکرێت لە ناو بازنەی لێکچواندن و خواستن دا بێت. (حبیب اعراب : 1999: 43)

سکاکی پێیوایە کە هێزی کاریگەری ڕەوانبێژی لە هێزی بەڵگەهێنانەوە زیاترە, ئەربابی ڕەوانبێژی و خاوەنی داڕشتنی ستاتیکی و دەتوانن لە حەقیقەت جوانتر پێشکەش بکەن, (السکاکی : 1987 : 412 ( ئەم هێزە کاریگەرەی ڕەوانبێژی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکە ئەرگۆمێنتییەکەی, ئەو تەنها عەقڵ و زەینی وەرگر نادوێنێت, بەڵکو دەروون و هەڵچوونەکانیش دەدوێنێت, ئەرکی ئەرگۆمێنتی ڕەوانبێژی تەنها ڕازیکردنی عەقڵ بە ئامانج ناگرێت, بەڵکو مەبەستیەتی بگاتە دەروونی وەرگر, بە پەیامەکەی ڕازی بێت و دەرکەوتەی لەسەری هەبێت.

بۆیە ئەرگۆمێنتی ڕەوانبێژی بۆتە بەشێک لە کۆمەڵگای سیمۆلۆژی و دیموکراسی و بۆتە ئامرازیکی گرنگی بونیاد نانی مەعریفی و دروست کردنی ڕازی بوونی ئارەزوو مەندانە لەبەر ئەوەی دەرکەوتووە بیری مرۆڤ هەمیشە بیرێکی سەلمێنراو و بە بەڵگە نییە بەڵکو هەندێ جار ئەرگۆمێنت و هەندێ جار هونەری و ستاتیکییە و پیرلمان دەیبەستێتەوە بەو سیاق و دەورو بەرەی کە تێیادا بەکار دەهێنرێت. (حمداوی ،جمیل: 2014: 83)

گوتاری ڕاگەیاندنیش وەک هەر گوتارێکی تر لە داڕشتنی هەواڵەکانیدا پێویستی بە ڕازی کردنی وەرگرەکانی هەیە, هەمیشە پەیامێکی پێیە پێویستی بە زۆرترین خوێنەر یان بینەر یان شوێن کەوتوو هەیە, بۆ گەیشتن بەم ئامانجە زمان شا ڕێگای ڕاگەیاندنە لە نێویشی دا ئەو میکانزم و ستراتیژیەتانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە وەرگر ڕازی دەکات بە پەیامەکەی لە نێو خۆشیدا دەکرێت ئامانجە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانیش بپێکێت, لەبەر ئەوەی هەمیشە ڕاگەیاندن گوتارێکی هەیە دەیەوێت بگاتە وەرگرەکانی.

## بەشی دووەم

## ئەرگۆمێنتی ڕەوانبێژی لە داڕشتنی هەواڵ دا

### تەوەری یەکەم

### ڕەوانبێژی لە داڕشتنی هەواڵ دا:

هەواڵ دەیەوێت ڕووداوەکان بگوازێتەوە, بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە پەیام بەجەماوەر بگەیەنێت, بەجۆرێک ئاڕاستەی زەین و هەستی دەکات, کە ڕازی بکات و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕازی کردنە, لە واقع بگات، بۆیە زۆر جار ئەم داڕشتنانە پەنا بۆ ڕەوانبێژی دەبەن, بۆ ئەوەی داڕشتنەکەیان شێوەیەکی جوان وەرگیرێت و کاریگەریەکان زیاتر کەن.

لە جیهاندا ڕووداوەکان زۆر و خێران, هەموو سەری سەعاتێک ڕوداوێک ڕوودەدات, پێویستی بەوەیە بکرێتە هەواڵ و دەبێـت ڕاگەیاندن بێ دواکەوتن بیگرێتە خۆی، لەبەر ئەوەی هەواڵ یەکێکە لەو شتانە زوو لە ناو دەچن, بەتایبەتی لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا, هەموو خەڵک دەزانێـت لە جیهاندا چی دەگوزەرێـت تەنانەت هەموو کەسێک دەتوانێت ڕۆڵی ڕۆژنامە نووس بگێڕێت. (الربیعی ،اکرم فرج:2016: 65)

ئەو شێوە داڕشتنە لەلایەن وەگرەوە بە پەسەند دەزانرێت, داڕشتنێک وێنەیەکی جوانی ئەدەبی لەخۆی بگرێت دەبێتە داهێنان لە داڕشتنی هەواڵدا و کاتێک نێرەر توانا زمانی و ئەدەبییەکانی بەکار دەهێنێت و پەیوەندی لە نێوان شتەکان دروست دەکات هێزێکی وا بە هەواڵەکە دەدات کە لە هەواڵەکانی تری جیا بکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمە پێی دەوترێت (ئەرکی داهێنان) لە هەواڵ دا, لەبەر ئەوەی ئەگەر داڕشتنەکە ڕەوانبێژیانە بوو ئەوا کردەی ڕازیکردنەکە خێرا تر دەبێت بە تایبەتی جەخت لەسەر ئەو بەشانەی ڕەوانبێژی بکرێتەوە کە باون لە زمانەکەدا. (الربیعی ،اکرم فرج: 2016:65)

زۆربەی شێوەکانی داڕشتن سەرنج ڕادەکێشن بەڵام شێوە ئەدەبیەکان ڕەهەندی درکاندن تێدەپەڕێنن و دەچنە قۆناغی کاریگەری دروستکردنەوە, شێوازی ئەدەبی جەخت لەسەر ئەو پێکهاتە زمانییانە دەکاتەوە کە کاریگەری لەسەر وەرگر دروست دەکەن, کاری زانستی شێواز ناسی گەڕانە بە دوای بەهای کاریگەری لەزماندا, قسەکەر دەتوانێت بیرەکانی بەشێوەیەکی واقعی و بابەتی بخاتەڕوو - بەڵام زۆر جار پەنا بۆ شێوازە کاریگەرەکان دەبات, کە هێزێکی کۆمەڵایەتی زیاتری لەگەڵ خۆی هەڵگرتووەن. (بحیری سعید حسن : 2005: 47 48)

لە داڕشتنی هەواڵیشدا میکانزمی ڕەوانبێژی ڕەهەندی دارشتن و ڕەهەندی کاریگەری لە خۆ دەگرێت، کاتێک هەواڵ داڕێژەر دەیەوێت ڕاستییەک ئاڕاستەی جەماوەر بکات دەبێت, بۆ گەیاندنی پەیامەکان ،پەنا بۆ ڕەوانبێژی بات.

لە هەواڵدا ( پلەی سفر) ی ڕەوانبێژی پەیرەو ناکرێت، واتا ئەمڕۆ لە دارشتنی هەواڵدا ڕەوانبێژی بەلاوە نەنراوە، بەڵکو بە شارەزاییەوە، لە هەولەکاندا بەجکار دەهێنرێت بۆ زیاتر سەرنژ ڕاکێشانی خوێنەر و بینەر.( اکرم فرج الربیعي: 2016: 61)

زۆر جار شێوازی واتا شاراوەکان و بەخشکەی دەربڕین لە ڕێگای ڕەوانبێژییەوە دەپێکرێت, لەبەر ئەوەی زمانی هەواڵ داڕشتنیش ئەمڕۆ پێویستی بەم شێوازە ڕەوانبێژییە هەیە و پێویستی بەوەیە واتافەرهەنگییەکان تێ پەڕێنێت. (صویلح هشام :2011: 267) لە هەمان کاتدا ڕەنگە زمانی کوردی قەرزاری ڕاگەیاندن بێت, لەبەر ئەوەی شێوازی داڕشتنێکی کاریگەر وای کردووە کە زۆر میتافۆر و وشەی نوێ بچێتە ناو زمانەکەوە, بەڵام هەوالێک لای جەماوەر ڕازیکەرانە دەبێت کە بەباشترین شێوە زمای بەکار هێناوەو لایەنەکانی کاریگەری لەچاو گرتووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


ئەگەر یەکێک لە میکانزمەکانی ئەرگۆمێنت ڕەوانبێژی بێت, بۆ ئەوەی وەرگر بە پەیامی نیرەر ڕازی بێت, ئەوا لە دارِشتنی هەوالدا دەکرێت ئەم میکانزمە بەردەوام بوونی هەبێت و لە هەواڵەکانی ڕۆژدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و بینەر سوودی لێ ببینرێت.

## تەوەری دووەم:

## کەرەستەکانی ڕەوانبێژی لە دارِشتنی هەواڵدا

### یەکەم:

### خواستن

خواستن بریتییە لە هەڵبژاردنی هێمایەک بە پێی لێکچوونی واتایی لە شوێنی هێمایەکی تر لەسەر تەوەری ستوونی. خواستن گۆڕینەوەی وشەیەکی سواو و باوە بە وشەیەکی تر, یا هێنانی وشەیە دوو واتای هەبێت, یەکیان واتای فەرهەنگی و ئەوی تر واتایەکە لە ناو ڕستە, پەیوەندی نێوان ئەم دوو واتایە دەبێت لێکچواندن بێت, کەواتە هەروەک لێکچواندن وایە, بەڵام جیاوازییەکەیان زیاتر لەوە دایە, کە یەکێک لە بنەماکانی لێکچواندنی تێدا نییە و شاراوەتەوە, جا بۆ ئەوەی بزانین خواستن هەیە دەبێت نیشانەیەک هەبێت, کە جەخت لەسەر واتا خوازراوەکە بکاتەوە. (نجم الدين ،عبد سلام: 148 ,2008)

خواستن یەکێکە لە میکانزمە ڕەوانبێژی- ئەرگۆمێنتییەکان, کە شوێنێکی مەزنی لە بەها ڕەوانبێژی و ئەرگۆمێنتییەکاندا هەیە, ئۆلفی ڕۆبۆڵ دەڵێت ((خواستن لە پێوانە ڕازیکەرانە ترە, بە تایبەتی لەبەر ئەو تێکەڵییەی کە لە نێوان لێچوو و لەوچوودا هەیە کە چەند یەکەیەک یەک دەخات کە لە بنەڕەتدا جیاوازن)). (اوليفى ريبول :2017: 191)

ئەو هێزەی کە خواستن هەیەتی مەبەستی ڕازاندنەوە تێ دەپەڕێنێت, بەڵکو لەوە گرنگتر و بەهێز ترە و بە میکانزمێکی بنچینەیی ئەرگۆمێنت دادەنرێت, هەروەک تەها عبدالرحمن دەڵێت ((ئەرگۆمێنت بێ خواستن نابێت)) (عبدالرحمن،طه:1998: 213) بەشێوەیەک ڕەوان بێژی ئەرکی خۆ بەدەستەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دان و سەرنج ڕاکێشانی وەرگری لە ئەستۆ گرتووە وای لێ کردووە بە سەنتەری ئەرگۆمێنت دابنرێت, بە پێیەی گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوو سۆزداری دا دروست دەکات, خواستن دوو بیرۆکە دروست دەکات لە نێوان خواستن و بۆ خوازراو, (بابەت و هەڵگری واتا) کارلێکێک دەکەن بە مەبەستی دروست بوونی واتای مەبەست, ئەمە وای کرد بیرلمان وەسفی خواستنی ئەرگۆمێنتی بکات بەوەی (نواندنێکی پڕاو پڕە و لێکبەستنی نێوان دوو یەکەیە). (رائد ,مجید جبار: 2017: 235)

ئەرستۆ خواستن بۆ سێ جۆر دابەش دەکات, (خواستنی جەماوەری , خواستنی شیعری و خواستنی ئەرگۆمێنتی) خواستنی جەماوەری ئامانجی گەیاندن دەپێکێت و خواستنی ئەرگۆمێنتی مەبەستی دروستکردنی گۆڕانکاریە لە شێوەی بریرکردنەو و هەستی وەرگر, هەرچی خواستنی شیعرییە تەنها لە پێناو خۆیدا کار دەکات. (میشال لوقرن: 1991: 89)

کەواتە دەکرێت خواستنە جوانکارییەکانیش وەک خواستنی ئەرگۆمێنتی تەماشا بکرێت, ئەگەرمەبەستی ڕازی کردن و کاریگەری بپێکێت, لەبەر ئەوەی ئەرگۆمێنتیش لەگەڵ جوانکارییدا دەگونجێت.

هەروەک پیرلمان پێی وایە ناکرێت نرخی خواستن تەنها لە وەسفدا کورت کرێتەوە, بەڵکو بۆ جوڵاندنی وەرگر ئەم شتە دروست کراوە, و هەر کاتێک وەرگرمان خستە بارێکەوە پەوەندی دروست کات لە نێوان خواستن و بۆ خوازاراو ئەوکات ەبارێکی ئەرگۆمێنتیمان دروست کردووە. (رائد مجید جبار, 2017 ,236) لە لایەکی ترەوە خواستنی ئەرگۆمێنتی پەیوەست کراوە بە (لێکەوتە ئاخاوتەییەکان) ەوە, کاتێک بنەماکان دەبەزێنرێت, دەبێـە هۆی پێکانی ئامانج و گەیاندنی پەیام بە شێوەیەکی کاریگەر. (عبد الرحمن, طه:2000: 103)

یەکەم : خواستنی وشە بە پێی بنەماکان چەند جۆرێکن (دزەیی،عبدالواحد مشیر 2014, 94)

**ا-خواستنی ئاشکرا:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گواستنەوەی واتای وشەیە لە واتای بنچینەیی بۆ واتایەکی تر, کە پەیوەندی لێکچوون هەبێت لە نێوانیاندا, جا لێکچوونەکە لەشێوە بێت یان لە ئەرک نیشانەیەکی هەبێت بۆ واتا نوێیەکە, لەم جۆرەدا تەنها لێخواستراو بە ئاشکرا باسی لێوە دەکرێت:

خۆری عادل عبدولمەهدی بەرەو ئاوا بوون دەچێت(A:1)

لەم هەواڵە دا:

لێخواستراو: خۆر ئاوا بوون

بۆ خواستراو :سەرۆک وەزیرانی عێراق

نیشانە: نەمانی دەسەڵات

لەم هەواڵە دا (خۆرئاوابوون) خواستراوە بۆ (نەمانی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران), بەشێوەیەک لادانە لە بنەمای چۆنییەتی, لەبەر ئەوەی لەگەڵ واقیعدا یەک ناگرێتەوە بەڵام, وەک هێزێک بۆ ڕازی بوون و بە هێز کردنی هەواڵەکە بەکار هاتووە.

**ب-خواستنی شاراوە:**

ئەو خواستنەیە کە تەنها (لەوچوو ) لادراوە و لێچوو ماوە پەیوەندییەکی (لەوچوو) دراوەتە (لێچوو): کۆمەڵێ چەکداری ئەنساری تەوحیدی ئۆپۆزسیونی سوریا پێشەنگی سوپای تورکیایان بەرەو سەرێ کانی گرتووە, یەکێکیان حەپە حەپ دەکات دەڵێت گەیشتینە دەروازەی سەرێکانی ,دە مرووتێکی مرتەزەقەی بێ ئیشە کۆمەڵێ ڕاوڕووتکەری لە گەڵە, بە دوای دزیدا دەگەڕێن(B:1)

یەکیان حەپە حەپ دەکات دەڵێت گەیشتینە دەروازەی سەرێکانی

(کەسەکە) لێچوو، (سەگ) لەوچووە, نیشانەکەش وەڕینە کە تایبەتە بە سەگ, دراوەتە پاڵ مرۆڤ. (لێچوو), هەمیشە خواستنی سەگ بۆ نموونەکان لە کۆمەڵگای کوردی پاشخانی خۆی هەیە, دەکرێت وەک گەیاندنی پەیام جێی خۆی بکاتەوەو وەک میکانزمێک بۆ ڕازیکردن بەکار بهێنرێت.

**دووەم** : خواستنی بوونی و ئەندێشەیی:

**ا-خواستنی بوونی:**

بۆخواستراو لەم خواستنە لە شتیکی نەزانراوەوە وەرگیراوە و دەتوانرێت ئاماژە بۆ بوونی بکرێت لە ڕێگای هەستەوە:

ئەردۆگان تەپڵی هەڵگیرسانی شەڕی لێدا(A:2 )

تەپڵ لێدان: لێخواستراو

دەست پێکردن: بۆ خواستراو

**نیشانە**: دەنگە دەنگ (بەر هەست دەکەوێت)

جوڵاندنی هەستەکان شێوەیەکی ترە لە میکانزمەکانی ڕەوانبێژی, لەبەر ئەوەی لە کۆندا بۆ هەڵگیرسانی شەڕ تەپڵ لێ دراوە, میکانزمێکە خوازراوە بۆ ئەوەی قەناعەت لای وەرگر دروست کات و هەستی پێ بکات.

**ب-خواستنی ئەندێشەیی:**

بۆ خواستراو لەم خواستنە لە شتێکی ئەندێشەیی وەرگیراوە, بەر هەستەکان ناکەوێت:

ئەمریکا بارگەو بنەی بە تەواوی دەپێچێتەوە(A:3) )

ڕۆیشتن: بۆ خواستراو

بارگەو بنە پێچانەوە: لێ خواستراو

خواستنێکی ئەندێشەیی شاراوەیە.

**سێیەم**: خواستنی گشتی و تایبەتی

**ا-خواستنی گشتی:**

ئەو خواستنەیە کە زۆر بەکارهاتووە و خواستنەکە بە ئاشکراو روونی دیارە و زۆر بیر ماندوو ناکات وەک:

سەلیم ئیدریس وەزیری بەرگری حکومەتی کاتی سوریا کە ساڵانێکە لە تورکیا کەوتووە , دەڵێت لەم قۆناغەدا پەکەکە لە ناو دەبەین,ئۆپەراسیۆن بۆ نەهێشتنی پرۆژەی جودا خوازییەو لە گۆڕانیەتی ( B:2 )

لە گۆڕنانییەتی: لێخواستراو

پرسەکە: بۆ خواستراو

**خواستن**: لە ناو بردن

**ب- خواستنی تایبەتی:**

ئەم خواستنە کەم بەکار هاتووە و تەمو مژاوی و لێڵە و کەسانی پسپۆر و ورد دەتوانن بیدۆزنەوە لەبەر ئەوەی هەواڵ بۆ جەماوەرێکی فراون دا دەرێژرێت, ئەم جۆرە خواستنە کەم بەرچاو دەکەوێت.

**دووەم**

**لێکچواندن**:

به پێکهاتە بنچینەییەکانی ڕەوانبێژی دادەنرێت, میکانزمێک نێرەر پەنای بۆ دەبات بۆ ئەوەی هێزی ڕزیکردن زیاتر بکات, ئەو تەنها ئەرکی نزیککردنەوەی واتاو ڕوونکردنەوەی پێ ناسپێردرێت, بەڵکو کاتێک شتێک بە شتێکی تر دەچوێنیت, دەتەوێـت وێنەکە بۆ وەرگر بچەسپێنیت, و کاریگەری لەسەر دەروونی دروست کەیت و وا بکەی پەیامەکەی بە تەواوی پێ بگات.

لێکچواندن خسنە ڕووی شتێک یان چەند شتێکە لە ڕووی واتاوەو کە هاوبەشن لە سیفەتدا لە ڕێگای ئامرازەکانی لێکچواندن, وەک یەک بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی شتێکی نادیارە, کە بە شتێکی دیار و ناسراو دەچوێندرێتو یان دەرخستنی بیرو سۆز یان ڕازاندنەوەی دەربڕین.

لێکچواندن لەسەر چوار بنەمای سەرەکی بەندە, (لێچوو, لەوچوو) بنەمای سەرەکین, (لێکچوون, ئامراز) بنەمای لاوەکین مەرج نییە هەر هەموو بنەماکان هەبن بەڵام بەلای کەمەوە دەبێت (لێکچوو و(لەوچوو) ی هەبێت. (دزەیی ،عبدالواحد مشیر: 2015: 71)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مقتدا سەدر: شەڕی ئەمریکا وئێران تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسوتێنێت و عێراق دەکات بە خەڵوز(C:1)

لێچوو: عێراق

لەوچوو: خەڵوز

لێکچوون: سوتان

ئامراز: دەکات بە، واتای (وەک) بەکار هاتووە.

دۆناڵد ترەمپ: لێگەڕام تورک و کورد وەکو دوو منداڵ, شەڕ بکەن ئێستا لەیەکیان دەکەینەوە (A:4)

تورک و کورد: لێچوو

منداڵ: لەوچوو

لێکچواندن: هەرزەیی و نەزانی

ئامراز: وەکو

ترەمپ دەڵێت بەغدادی وەکو سەگ بە تونێلەکەدا لەسەر دەست دەرۆیشت, هاواری دەکرد و دەگریا,دواتر گەیشتە ئەوسەری تونێلەکە خۆی تەقاندەوەو سێ منالی لەگەڵ خۆیدا کوشت(A:5)

بەغدادی: لێچوو

سەگ: لەوچوو

لێکچواندن: ئاژەڵ – هەڵگژان بەقەد شت دا

ئامراز: وەکو

لێکچواندن کراوە بە میکانزمێکی ئەرگۆمێنتی, لەبەر ئەوەی وێنەکەی کاریگەرتر کردووە, ڕازیکردن زیاتر بەدی دێت, لە ڕێگای دروست کردنی ئەم وێنانەوە, ئەگر چی نێرەر دەست بەرداری یەکەی (لێکچواندن) دەبێـت هەندێ جار, بەڵام ئەوکات وەرگر پشت بە لۆژیک و کەلتوور و سیاق دەبەستێت بۆ ئەوەی ڕێرەوە ئەرگۆمێنتیەکەی لە لێکچواندنەکە دیاری بکات.( صولة عبدالله, 2007 , 266)

هەریەک لە میکانزمی خواستن و لێکچواندن جیا لە لایەنە داهێنانەرانەکەیان, لایەنێکی بەڵگە هێنانەشیان هەیە, بۆ ئەوەی ببن بە میکانزمێکی ئەرگۆمێنتی, چۆن دەبنە بەشێک لە ڕازیکردن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە د. سامیە دریدی دەڵێت ((لە ڕاستیدا خواستن و لێکچواندن ئەرگۆمێنتین, لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە بە بەشێک لە پێوانە دادەنرێن, لەبەر ئەوەی ئەوەی لەوێدا ڕوو دەدات بوونی دوو پێشەکی بچوو ک وگەورەیە, بەرەو ئەنجامێکیش دەچن, لە لایەکی تریشەوە هێزی نزیک خستنەوەی دوو یەکەیەان هەیە کە زۆر جیاوازن لە یەکتری, بەڵام پێکهاتەیەک دروست دەکرێت کە لە ڕێگایەوە مەبەستەکان دیاری بکرێت, ئەوەش بۆخۆی دەبێت بە بەڵگە هێنانەوە. (دریدی سامیە: 2011 :253(

**سێیەم:**

**تێهەڵکیش**

عەلادین سجادی دەڵێت ((یەکێکی تر لە لە هونەری ڕەوانبێژی (تێهەڵکێشە) بەلاغەی عەرەبی بە (تضمین) ناوی بردووە)) (سجادی علادین, 1397, 2018 ,161) لە لایەکی ترەوە, ئاماژە بە ئیقتباس دەکات کە نووسەرهەندێ وشە بە گوزارەیەکەوە لە شتی تر وەرئەگرێ و دەیخاتە نێو بەرهەمەکەی خۆیەوە, بەڵام ئەگەر ئاماژە ب ەخاوەنەکەی بکرێت ئەول بە تێهەڵکێش دادەنرێت (بڕوانە هەمان سەرچاوە: 160) هەرچی ئایات و حەدیسە, ئاماژەی پێ داوە کە لە پەخشان نەبریش بەکار دەهێنرێت. طە عبدالرحمن دەڵێت: ((قورئانی پیرۆز بە ئەرگۆمێنتێکی بەرز دادەنرێت)) (عبدالرحمن طە 1998 : 262) لەبەر ئەوەی توانای جوڵاندنی ویژدان و هەستی وەرگری هەیەو بە خێرایی خۆی بەدەستەوە دەدات.

لە هەواڵدا ئیقتباس و تێهەڵکێش کردنی ئایات و حەدیس کاریگەری زۆری دەبێـت بۆ ڕازیکردن لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەرچەندە بەکارهێنانی, هەڵوەستە لەسەرکردنی دەوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فاضل میرانی لەبارەی پۆست و پشکی لایەنەکان دەڵێت: (خودا دەفەرمویێت(لئن شکرتم لأزیدنکم ولئن کفرتم إن عذابي لشدید)), فازڵ میرانی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەواڵێک وەڵام دەداتەوە: گرنگ ئەوەیەمرۆڤ شوکرانەی خودا بکات, خودا ئینکاری شوکری نیعمەتی بە مەسافی کوفر داناوە(A:6) .

کەواتە یەکێک لە میکانزمەکانی ئەرگۆمێنت تێهەڵکێش کردن و ئیقتباس کردنی ئایات و حەدیسە لە هەواڵ دا.

**چوارەم:**

**درێژبڕی**

ابن اثیر بەم شێوەیە پێناسی کردووە((زیاد کردن و زۆر کردنی وشە بۆ سوودی واتایی))(ابن اثیر , المثل السائر,2008 , 217-218 .عەلادین سەجادی دەڵێت: ((لەبەرانبەر کورت بڕی درێژ بڕی, ئەمەش ئەوەیە ئەو مەبەستە لەباتی ئەوە بە ڕستەیەکی کورت بدرێت بەدەستەوە, درێژی ئەکاتەوە بە مەرجێ لە درێژکردنەوەکەدا وەنەبێ هونەرێکی ڕەوانبێژی پەیدا ببێت ... دەبێت ئەوە بوترێت کە ئەم کورت بڕی و درێژبڕییە بۆ پەخشانە و هیچی تر). (سجادی، عەلادین, 2018, 46-67)

درێژبڕی بە یەکێک لە میکانزمە باوەکانی ئەرگۆمێنتی هەواڵ داڕشتن دا دەنرێت, لەبەر ئەوەی زۆربەی جار بە درێژکردنەوەو ڕوونکردنەوەی زیاتر, ئامانجەکان دەپێکرێن, بە تایبەتی لەو هەواڵانەی کە ئایدۆلۆژیایەک لە گەڵ خۆیان هەڵ دەگرن, نێرەر وا دەزانێت کە تا زیاتر زانیاری ڕیز کات پەیامەکەی باستر دەگات.

تورکیا لە زەمین و ئاسمانەوە هێرشێکی قورسی خستۆتە سەر سەرێ کانییێ , لە ڕۆژئاواو و ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە لە دوێنێ وە هێرشی داگیرکاری بۆ سەرێ کانی دەکەن(B:3)

دەکرا بوترێت هێرشی داگیرکاری تورکیا بۆ سەری کانی دەستی پێکرد, بەڵام بەمەبەستی ڕازیکردن وەک میکانزمێک بەکار هاتووە و درێژ کراوەتەوە بۆ ئەوەی وپەیامەکە کاریگەرتر بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە چەندین وڵاتی جیهان خۆپیشاندان هەیە, خۆپیشاندەران  داوا دەکەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی هەڵوێستی هەبێت, و ئۆپۆزسیۆن بوەستێنێت, ئێستا لە واشنتۆن خۆپیشاندان هەیە لە ئەڵمانیا هەبوو لە وڵاتانی تریش, بە هەمان شێوە لە ناوچەکانی تری کوردستانیش  لە باشووری کوردستان  لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەمان شێوە, خۆپیشاندانی گەورو بەڕێوە چوو, هاوار دەکەن تورکیا بوەستێنن(B:4 ).

هەست بە درێژ بڕی دەکرێت لەم هەواڵە, لەبەر ئەوەی هەموو مەبەستەکە بۆ ئەوەیە کە بوترێت, لە هەموودونیا خۆ پیشاندن کراوە, بەکار هێنانەکانی درێژ بڕی لەم بارەدا پۆزەتیفە بۆ گەیاندنی پەیام و کاریگەری باشیان هەیە لەسەری.

لەسەر گۆی زەوی هیچ میلەتێک بەقەد میلەتی کورد ئینسان دۆست نییە,لەفەڵەستین منداڵێک دەکوژرێت پێش ئەوەی یەک هاوڵاتی لە فەڵەستین هەڵوێست وەردەگرێت, لەم کوردستانە ئازیزەی ئێمە, ڕەسمی پرۆفایلەکانمان ئەکەینەئەو منالە, لە بۆرما کەمرۆڤێک دەکوژرێت, هەموومان جەرگما نژان دەکات, لە پاریس تەقینەوەیەک دەبیـ, پرۆفایلەکانمان ئەکەینە پاریس لەئەمریکا ئەکرێت , هیچ کەسێک لە دونیا وانییە, بەڵام ئێمە بۆ هەموو دونیا واین, تەنانەت لەم کوردستانە ئەگەر منداڵێک دەمرێت, تا بەیانی ناخەوین, ئەم وڵاتانەی دەوروبەرمان دەیان باندییان هەیە, ئامادەن گۆشتی ئینسان بە زیندوویەتی بخۆن(B:5) .

لە هەواڵەکەدا درێژبڕی بەرچاو دەکەوێت بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاری کراو, دەیەوێت ئامانجێک بپێکێت  و پەیامەکەی بە ڕوونی بگات.

کەواتە هەریەک لە خواستن و لێکچواندن و تێهەڵکێش و درێژبڕی و... هتد بە میکانزمی ئەرگۆمێنتی دادەنرێن, لەبەر ئەوەی شێوازی چێژ بەخشین و زانیاری بەخشین پێکەوە کۆ دەکاتەوە کە کەشێکی جوان و ڕازیکەرانە دەخولقێنێت, کە سەرنجی وەرگر ڕا دەکێشێت, پاشان خۆ بەدەستەوە دەدات و مەیلی بۆ هەواڵەکە دروست دەبێـت و هەندێک جار کاردانەوەشی لە گەڵی دەبێت, لەبەر ئەوەی ئەو

وێنە ڕوانبێژیانە, شێوازێکن ڕاستییەکان دەهێننە بەرچاوی وەرگر و وێنەی بۆ دەکێشن,وەک ئەوەی بە تەواوی خۆی بیبینێت, لە یەک کاتدا عەقڵ و دڵ دەدوێنێت,تا ئەو کاتەی کاریگەریەکە زیاتر دەبێت و مەبەستی ڕازیکردن زیاتر دەبێت.

## ئەنجامەکان

١- ڕەوانبێژی ئامادەیی هەیە لە هەموو گوتنێکدا, نوسراو, بینراو, گوێ لێگیرراو. (تیۆری ئەرگۆمێنتی زمانی)، کە زۆر لایەنی قوڵی ڕوانبێژی دیاری کرد تیۆرسێنەکانی بروایان وابوو پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ڕەوانبێژی بکرێت, بەو پێیەی, پێویستە تێهەڵکێش بکرێت بە ڕێبازێکی زمانەوانی وا کە پەرە بە توێژینەوەکانی بدات و لایەنە شاراوەکانی دەربخات, باشترین شێوەش گەڕاندنەوەیەتی بۆ توێژینەوە زمانەوانییەکان.

٢- لە ڕەوانبێژی نوێدا،دەکرێت بەکارهێنانە جوانکارییەکانیش وەک بەکارهێنانی ئەرگۆمێنتی تەماشا بکرێت, ئەگەرمەبەستی ڕازی کردن و کاریگەری دروست کردن بپێکێت.

٣-هەواڵ دەیەوێت بە باشترین شێوە پەیام بەجەماوەر بگەیەنێت, بەجۆرێک زەین و هەستی جەماوەر ئاڕاستە دەکات بۆ ئەوەی ڕازی بکات و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕازی کردنە, واقع دیاری بکات،بۆیە زۆر جار ئەم دارشتنانە پەنا بۆ ڕەوانبێژی دەبەن, بۆ ئەوەی داڕشتنەکەیان شێوەیەکی جوان وەرگرێت و کاریگەریەکان زیاتر کەن.

٤- ئەگەر یەکێک لە میکانزمەکانی ئەرگۆمێنت ڕەوانبێژی بێت, بۆ ئەوەی وەرگر بە پەیامی نێرەر ڕازی بێت, ئەوا لە داڕشتنی هەوالدا دەکرێت ئەم میکانزمە بەردەوام بوونی هەبێت و لە هەواڵەکانی ڕۆژدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و بینەر سوودی لێ ببینرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥- لەبەر ئەوەی ئەو وێنەڕەوانبێژیانە, شێوازێکن ڕاستییەکان دەهێننە بەرچاوی وەرگر و وێنەی بۆ دەکێشن, وەک ئەوەی بەتەواوی خۆی بیبینێت, لە یەک کاتدا عەقڵ و دڵ دەدوێنێت, تا ئەو کاتەی کاریگەریەکە زیاتر دەبێـت و مەبەستی ڕازیکردن زیاتر دەبێـت

## سەرچاوەکان

بە کوردی:

1 عەلادین سەجادی, خۆش خوانی, گوزارەکاری, ڕەوانکاری, جوانکاری, 1397.

2-عبدالواحد مشیر دزەیی، 2015 پڕاگماتیک و ڕەوانبێژی، هەولێر, ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵآو کردنەوە.

نامەی ئەکادیمی:

-3 نەجمەدین عەبدسەلام، 2009 شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە،نامەی ماستەر, کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

بە عەرەبی:

- 4 ابن منظور ، 1997 لسان العرب ،بيروت دار صادر ، لبنان ، ط 2 ، مادة) الحجج.)

5-ابوبكر عزاوي, 2006 اللغة والحجاج, الدار البيضاء, مغرب, منتدى سور الأزبكية

-6 اولفي روبول, 1996 هل يمكن ان توجد الحجاج غير البلاغي, ت, محمد العمري, مجلة علامات في النقد.

-7-جميل حمداوي, 2014 من الحجاج إلى بلاغة الجديد]\ة, أفريقيا الشرق, المغرب, مكتبة الأدب المغربي.

8-حافظ اسماعيل علوي, الحجاج مفهومه ومجالاته, دراسات نظرية وتطبيقية, في البلاغة الجديدة, دار الكتب الحديث عمان الأردن, 2010

9-حمادي صمود, 1999 من تجليات الخطاب البلاغي, تونس, دار القرطاج.

10 -خوسي ماريا و فيلو إيفانكوس, 1992 نظرية الادبية, ت, حامد أبو أحمد, دار الغريب للطباعة والنشر,

11-رائد مجيد جبار, 2017 رسائل امام علي في نهج البلاغة, دراسة الحجاجية, سلسلة الرسائل الجامعية, عراق, كربلاء وحدة حلوم اللغة العربية, اصدار وحدة العلوم النهج البلاغة, عتبية الحسينية المقدسة,

12-رشيد راضي 2011 مفهوم الموضع وتطبيقاته في الحجاجيات اللسانية لانسكومبر و ديكرو, مجلة عالم الفكر, عدد 2 مجلد 40, اكتوبر- ديسمبر.

13-رولان بارت, 1998 قراءة جديدة للبلاغة القديمة, ترجمة عمر اوكان, المغرب, دار افريقيا الشرق.

14 -رومان ياكوبسن, القضايا الشعرية, ت, محمد ولي ومبارك حنون, دار توبقال للنشر والتوزيع, دار البيضاء المغرب.

15- سامية الدريدي 1988, الحجاج في الشعر العربي القديم الجاهلية الى القرن الثاني للهجرة, بنيته وأساليبه, ط1 تونس عالم الكتاب الحديث.

16 -سعيد بحيري, 2005 دراسات لغوية تطبيقية في العلاقة بين البنية والدلالة, القاهرة, مكتبة الآداب,

17-السكاكي, 1987 مفتاح العلوم, ضبطه وكتب هوامشه, وعلق عليه, نعيم زرزور, بيروت لبنان, الطبعة الثانية, دار الكتب العلمية.

18 -طه عبد الرحمن, في أصول الحوار وتجديد علم الكلام, المركز الثقافي العربي, الدار البيضاء,

19-عبدالله صولة, 2010 الحجاج أطره ومنطلقاته وتقنياته, الحجاج مفهومه ومجالاته, الجزء الاول, عمان. الاردن دار الكتب الحديث.

20 -عبدالله صولة, 2007 الحجاج في القرآن الكريم, من خلال أهم خصائصه الاسلوبية, ج2 , بيروت , لبنان, دار الفارابي.

-21 محمد سالم محمد أمين الطلبة,2010 مفهوم الحجاج عند بيرلمان و تطوره في البلاغة المعاصرة, الحجاج مفهومه ومجالاته, الجزء الثاني, عمان الأردن, دار الكتب الحديث.

-22 محمد مشبال, 2016 في بلاغة الحجاج, نحو مقاربة بلاغية الحجاجية تحليل الخطابات ط1, عمان, أردن- دار الكنوز المعرفة.

-23 ميشال لوقرن, 1991 الاستعارة والحجاج, ترجمة طاهر عزيز, مجلة المناظرة, عدد 4.,

ميشيل ماير , اللغة والمنطق والحجاج,ترجمة: محمد اسيداه, ضمن الكتاب الحجاج مفهومه ومجالاته, الجزء الثاني, دار الكتب الحديث, عمان الأردن, 2010

24 -هشام صويلح, و بلاغة الإقناع في الخطاب الإعلامي, دراسة في ضوء البلاغة الجديدة, جامعة سكيكدة.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە ئینگلیزی:

1- Le grand robert1989, dictionaries de la langue François, 1er redaction Paris

Cambridge advanced learners 2004, dictionary, Cambridge university2- press, 2nd pub.

3- Longman, 1989 Dictionary of contemporary English, Lon Gman.

4- CH. prrlman and L.o. tyteca, 2008 the new rhetoric a treat ion argumentation, translated by john Wilkinson and Purcell waver, university of Rotterdam.

سەرچاوەی نموونەکان:

-تۆڕە کۆمەلآیەتییەکان***A***

A1
http://Diplomatic magazine.net\11-6-2019
A2
http:// www.Kurdistan24.net\25-10-2019
A3
htpp:\\Kurdistan24.net\11-6-2019
A4
Htpps:\\www.Pyam.net\10-12-2019
A5
Htpp:\\Rudaw.net\27-10-2019
A6
Htpp:\\Rudaw.net\4-4-2019

هەواڵی تەلەفزیۆن:-***B***

B1- https://www.facebook.com/Rudaw.net/videos/2495300307203175/?vh=e
B2- https://www.facebook.com/Rudaw.net/videos/2495300307203175/?vh=e
B3- https://www.facebook.com/naliatv/videos/1864966376981387/?vh=e
B4 https://www.facebook.com/kurdistan24.official/videos/543667869738993/?vh=e
B5- https://www.facebook.com/kurdistan24.official/videos/543667869738993/?vh=e

-تیکەری تەلەفزیۆن:***C***

1- KTV:25-12-2019/ 11:20

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Rhetorical Argumentation in Formulation of News

**Bahar Zayr Muhamed**
Department of Kurdish, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
bahar.muhamad@su.edu.krd

**Abdulawahid Mushir Dzaey**
Department of Kurdish, College of Language, Salahadin Universty, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

***Keywords:*** *argumentation, rhetoric, rhetorical argumentation persuasion, formulation of news*

## Abstract

Rhetoric has turned to become a broad knowledge of society, as it is no longer a science for the specific discourse, but rather has become a science for all discourses.

Rhetorical argumentations have left a great influence in contemporary studies; this influence has broadened the field of literature under any concept New Rhetoric by which both sides are focused on as a primary means of persuasion.

Rhetoric has been associated with argumentation since its inception and the ancients have presented it as revealing possible ways to persuade and in whatever subject. This perception has been linked with the theory that has grown the persuasive side of rhetoric, and developed to integrate rhetoric into the concerns of contemporary deliberative research. This current theory decided the existence of argumentation in all discourses such as; society, politics, media, publicity ... etc., meaning that it covers all the fields of discourse that aims at understanding and persuasion, regardless of the statues of sender and recipient or whatever the method used and the nature of the subject.

In formulation of news, the sender searches for the ways that lead to the public's conviction of the contents in the news. It is important for him to read or view as many audiences as possible.

Today everyone can formulate news, but the news that is literally crafted and contains the aesthetics of rhetoric affects. It is convinced by the audience, and remains in the memory

-----------------------------------------------------------

## البلاغة الحجاجية في صياغة الاخبار

**ملخص:**

تحولت البلاغة الى علم المستقبلي, حيث صارت تنزع إلى ان تصبح علما واسعا للمجتمع, فهي لم تعد علما خاصا بالخطاب محدد بل صارت علما لكل الخطابات.

تعود أهمية الحجاج في دراسات المعاصرة و الى عودة قوية للبلاغة تحت التسمية البلاغة الجديدة حيث ركزت على الجانبين كوسيلة أساسية من وسائل الإقناع.

ارتبطت البلاغة منذ نشأتها بالحجاج و وقد عرفه القدماء بانها كشف عن الطرق الممكنة لإقناع و في اي موضوع كان, لقد ارتبط هذا التصور خصوصا تيار نظرية التي نمت الجانب الاقناعي في البلاغة وطورته لدمجه في هموم البحث التداولي المعاصر, هذا التيار قرر وجود الحجاج في الجميع الخطابات الاجتماعية والسياسية والاعلامية و الاشهارية...الخ و اي انه يغطي كل مجال الخطاب الذي يهدف الى الإفهام والإقناع مهما كان المتلقي ومهما كانت الطريقة المتبعة وطبيعة الموضوع.

في صياغة الخبر, المرسل يبحث عن الطرق الذي يؤدي الى اقتناع الجمهور بمضامين الخبر, يهمه أن يقرأه أو يشاهده اكبر عدد ممكن من الجماهير, في يومنا هذا كل واحد يستطيع ان يصوغ خبرا, لكن الخبر الذي يكون, مسوغا أدبيا و فيه جماليات البلاغية, يؤثر على الأذهان ويقتنع به الجمهور, ويبقى في الذاكرة